**Kurdish Human Rights Association**

---

## راپۆرتی لە سێدارەدراوەکان لە ئێران و پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حەوتوی هەشتەمی سالی ٢٠١١

لە سێدارەدانی ١٢٤ کەس

بەردەوامی خۆکوشتنی ژنان بە هۆیی گوشارەکان و هەژاری

بەردەوامی کوشتنی کاسبکارانی کورد

گیان لە دەست دانی گیراوەیکی کورد لە گرتوخانەیی مهاباد

بەردەوامی کوشتنی کاسبکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەردەوامی دەست بەسەر کردن و سزادانی چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەردەوامی نارەزایەتیەکان لە باشوری کوردستان

ئامەد، خزمەتی تەندروستی بە زمانی دایکی

داخوازی میلیۆنان کورد بۆ پەروەردە بە زمانی کوردی لە رۆژی جیهانی زمانی دایک دا

دۆزینەوەیی ڕۆژانەیی گۆرە بە کۆمەڵەکان لە باکوری کوردستان قوڵایی کوشتاری کوردان بە دەست دەوڵەتەکانی تورکیە دا نیشان دەدات

ئاماری لە سێدارەدراوەکان لە حەوتویی هەشت سالی ٢٠١١ لە ئیران

چوار کەسی تر لە ئێران لەسێدارە دران

2011-02-19

---

به گوێرەی ڕاگەیاندنی ماڵپەڕی" ئیرنا"، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی 4 کەسیان لە گرتووخانەی ناوەندی شاری کرمان بە تۆمەتی بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەر لە سێدارەداوە ،ئیرنا ناوی ئەو چوارکەسی بەفەرمی ڕاگەیاندووە

ئێران، 2 کەس لەسێدارەدران

2011-02-20

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی چاوترسێن کردنی جەماوەر، بەردەوامن لە جێبەجێ کردنی سزای لەسێدارەدانی گیراوان. لەو چوارچێوەیەدا 2 کەسیتر لە گرتووخانەی ناوەندی شاری ئێسفەهان لەسێدارە دران. بە گوێرەی ڕاگەیاندنی ماڵپەڕی" فارس"، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی 2 کەسیان لە گرتووخانەی ناوەندی شاری ئێسفەهان بە تۆمەتی بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەر لە سێدارەداوە فارس نیوز ناوی ئەو دوو کەسەی بەفەرمی ڕاگەیاندووە

سەڵماس، لەسێدارەدانی دوو کورد و ئازەرییەک

2011-02-24

بە گوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ ،3 کەس بە ناوەکانی، موسلێم عیسا پوور و ئەردەڵان حاتەمی کە کورد بوون و کەسێکی ئازەری بە ناوی 'پەیمان قانێع' کاتژمێر 8ی بەیانی ڕۆژی ئەوەڵی ڕەشەمە لە پێش چاوی خەڵک لە شاری سەڵماس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سێدارە دراون ،دەوترێت کە بنەماڵەی ئەو کەسانە لە کاتی بەڕێوەچوونی سزاکان لە شوێنەکە ئامادە بوون و درووشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆریان وتووەتەوە ،کە لەلایەن هێزەکانی ڕژیمەوە بڵاوەیان پێکراوە **بەو پێیە لە سەرەتایی ئەمسالی زائینیەوە 124 کەس تا ئێستا لەسێدارە دراون**

مەهاباد، هێزەکانی ڕژیم کاسبکارێکیان کوشت

2011-02-24

کوشتنی سیستەماتیکی کاسبکاران و کۆڵبەرانی کورد لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەردەوامە، لەو چووارچێوەیەدا کاسبکارێک بە دەستی هێزەکانی ڕژیم کوژرا. بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستمان گەیشتووە ،دوو کەسی خەڵکی گوندی"

بەفرەوان" سەر بە شاری مەهاباد بە ناوەکانی 'یەعقوب ئەحمەدی' و براکەی 'ئەمیر ئەحمەدی' ڕۆژی 2ی ڕەشمە لە ڕیگای نێوان مەراغە بۆ هەشترووود بوونە ئامانجی دەسترێژی گوللەی هێزەکانی ڕژیم و لە ئەنجامدا یەعقوب دەست بەجێ کوژراوە و ئەمیر برای بە گرانی بریندار بووە، شایانی باسە کە ساڵانە دەیان کورد لە ناوچە سنووریەکان بە بیانووی ئەوەی کە گوایە باری قاچاخیان پێیە لەلایەن هێزەکانی ڕژیمەوە دەدرێنە بەر دەسترێژی گوللە و لە ئەنجامدا ژیانیان لە دەست دەدەن

## خۆکوشتنی ژنان لە کوردستان

2011-02-18

کێشە بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتیەکان بوونە هۆکاری قوربانیدان ژنانی کورد، بە گوێرەی زانیاریەکان ڕۆژی 23ی ڕێبەندان کچێکی 16 ساڵە بە ناوی" ب - ئەمانی" خەڵکی گوندی کوانەی سەر بە گاوەشانی گرێدراوی شاری کامیاران خۆی هەڵواسیوە و کۆتایی بە ژیانی هێناوە، جێی بیرهێنانەوەیە کە مانگی ڕابردوو کچێکی 17 ساڵانە بە ناوی" م - زەند کەریمی" خەڵکی گوندی 'ماچکە  سەر بە شاری دێگولان ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو

## تووندوتیژی دژ بە ژنان

2011-02-20

توندوتیژییەکان لە دژی کچان و ژنانی کورد لە کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی کارەساتی دڵتەزێن رۆژی ۱۹ فوریە کچێکی تەمەن 20 ساڵە بوو بە قوربانی توندوتیژی. کارەساتی ئەم جارەی توندوتیژی لەسەر ژنان لە یەکێک لە گوندەکانی سەربە پێنجوین ڕوویدا. بانگەشە دەکرێت کچێک بەناوی 'کۆچەر رەفیق رەشید' لەدایک بووی ساڵی 1991 دانیشتوی گوندی 'شایەن'ی سەربە قەزای پێنجوێن، بە کلاشینکۆف خۆی کوشتوو، بەڵام هەتا ئێستا هیچ چەشنە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕاستی ئەو ڕووداوە نەکراوە. ئەنجومەنی ژنانی ئازاد بەدەرکردنی لێدوانێک، ڕوداوی کوشتنی کۆچەر رەفیق شەرمەزار دەکات و داوا لە دانیشتوانی گوندی شایەن و قەزای پێنجوێن دەکات کاربکەن بۆ ئەوەی تاوانباران سزابدرێ.

## بەردەوامی گوشاری سەر چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی و گیراوانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

### گرتوخانەیی ناوەندی ئورمیە

2011-02-18

لە درێژەی گوشاری سەر گیراوانی کورد لە گرتووخانەکانی ڕژێمی ئێراندا، دوو گیراوی سیاسی کورد لە گرتووخانەی ناوەندی ئورمیە ڕاگوێزی شوێنێکی نادیار کران. بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستمان گەیشتووە، دوێنی دوو گیراوی سیاسی کورد بە ناوەکانی ئەحمەد تەموویی و حوسێن میرزایی لەلایەن کاربەدەستانی گرتووخانەوە ڕاگوێزی شوێنێکی نادیار کراون. هەروەها گیراوی سیاسی عەلی حسێن ئەحمەدی ،ماوەی 7 ڕۆژە؛ مستەفا عەلی ئەحمەد 30 ڕۆژە و عەلی ئەحمەد سلێمان زیاتر لە 45 ڕۆژە بێسەروشوێنن. جێی بیرهێنانەوەیە، پێشتر عەلی ئەحمەد سلێمان گیراوی سیاسی کورد لە گرتووخانەی ئورمییە بۆ ماوەی 39 ڕۆژ بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدانی" حسین خزری" دەستی دابووە مانگرتن لە خواردن و دواتر بە هۆی تێکچوونی ڕەوشی تەندرووستی ڕاگوێزی نەخۆشخانە کرابوو، تائێستا هیچ زانیاریەک لە چارەنووسی نازانرێت.

### هیچ هەواڵێک لە زەینەب جەلالیان دەست ناکەوێت

2011-02-19

زەینەب جەلالیان لە دایک بووی 1983 شاری ماکۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی 2007 لە شاری کرماشان لە لایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات دەستبەسەر کرا و بە تۆمەتی مۆحارێب لە لایەن دادگای شۆڕشەوە ڕووبەڕووی سزای لەسێدارەدان کرایەوە، دوواتر لە مانگی دێسامبری 2009 سزاکەی لە لایەن دیوانی باڵای ئێرانەوە پشتڕاست کرایەوە، دادگایی کردنی جەلالیان لە کاتێکدا بەڕێوە چوو کە ناوبراو مافی هەبوونی پارێزەری نەبووە و لە ماوەی چەند خۆلەکدا ڕووبەڕووی ئەو سزایە کروەتەوە، ژنە گیراوی کورد زەینەب جەلالیان لە گرتووخانەی کرماشانەوە ڕاگوێزی گرتووخانەی ئێوین لە شاری تاران کرا و دوای ماوەیەک هێشتنەوەی لە بەندی 209ی گرتووخانەی ئێوین، دیسانەوە گوازرایەوە بۆ گرتووخانەی شاری کرماشان ،سەرەڕای ئەوەی تا ئێستا چەندین ڕێکخراو و کەسایەتی ئێرانی و جیهانی خوازیاری هەڵوەشاندەنەوەی سزای ئەو چالاکە کوردە بوون، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هیچ گوڕانکاریەکیان لە دۆسیەکەیدا پێک نەهێناوە و هەر کات مەترسی جێبەجێکردنی ئەو سزایە لە ئارادایە.

**Kurdish Human Rights Association**

## گوشار بۆ سەر گیراوانی سیاسی کورد

2011-02-21

لە چوارچێوەی گوشارەکانی دەوڵەتی ئێران بۆسەر گیراوانی سیاسی کورد لە زیندانی ئورمییە، ڕوونبۆوە گیراوێک بۆ زیندانی ڕەجایی شەهر گوازراوەتەوە و گیراوێکی‌تر بۆ ئیدارەی ئیتلاعات ڕاگوێزراوە. چوار ڕۆژ لەمەوبەر دوو گیراوی سیاسی کورد بە ناوەکانی 'ئەحمەد تەموویی و حوسێن میرزایی' لەلایەن کاربەدەستانی گرتووخانەی ئورمیەوە ڕاگوێزی شوێنێکی نادیار کرابوون، ڕوونبۆوە چالاکی سیاسی ئەحمەد تەموویی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە ،بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ئورمێ گوازراوەتەوە و حسێن میرزاییش بۆ زیندانی ڕەجایی شەهر دورخراوەتەوە. تا ئێستاش هەلومەرجی بەشی زیندانیانی سیایی گرتوخانەی ئورمییە ئاسایی نەبۆتەوە

## ئامنەستی تەقە لە خۆپیشاندەرانی سلێمانی شەرمەزار دەکات

2011-02-21

لە بەردەوامی شەرمەزار کردنی هێرشەکانی سەر جەماوەری شاری سلێمانی، ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بە دەرکردنی لێدوانێک، سەرکوتی خۆپیشاندەرانی شەرمەزار کرد، ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی سلێمانی دەکات لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، ڕێکخراوەکە لە بەیاننامەکەدا داوای لەدەسەڵاتداران کردووە ،کە لێکۆڵینەوە لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران دەست پێبکەن و تاوانباران سزا بدەن.

## چالاکی کەمپینی زمانی کوردی

2011-02-21

پشتگیری گەلی کورد بۆ کەمپینی زمانی کوردی، ئەوە دەخاتە ڕوو کە کوردان داوای ئازاد کردنی زمانی دایکی دەکەن، لقی 'کوردی -دەر' ڕایگەیاند کە بەهۆی پشتگیری کردنی زۆری گەلانی عەرەب و ئەرمەنی، ئەوان ماوەی کەمپینەکەیان درێژ کردۆتەوە، لە چوارچێوەی داخوازی پەروەردە بە زمانی دایکی، لە ڕوحا 70 هەزار واژۆ کۆکرانەوە.

.

سەرۆکی لقی "کوردی - دەر"ی ڕحا "عومەر یاردمجی" ڕایگەیاند کە گەل پشتگیریەکی زۆریان بۆ ئەو هەڵمەتەی ئەوان دەربڕیوە و وەها بەردەوام بوو: ئێمە ئێستا گەیشتووینەتە ئامانجەکانی خۆمان، بەڵام بەهۆی پشتگیریەکی زۆر ماوەی کەمپینەکەمان درێژ کردەوە، لە شارەکەی ئێمە، عەرەب، ئەرمەنی و تورکمانیش پشتگیری خۆیان بۆ ژیانی فرەزمانی دەربڕی. ئامانجی ئێمە بۆ درێژ کردنەوەی ماوەی کەمپینەکە ئەوەی کە 100 هەزار واژۆ کۆبکەینەوە

گیانلەدەستدانی 3کەس لە نارەزایەتیەکانی سلێمانی

2011-02-21

هەرچی دەچێ برینی ڕوداوەکەی شاری سلێمانی قوڵتر دەبێ. ئەمڕۆ یەکێکی تر لە بریندارەکان گیانی لەدەستدا و بەوەشەوە ژمارەی کوژراوانی خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایە گەیشتە 3 کەس، بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە شاری سلێمانییەوە، یەکێکی تر لە بریندارەکانی خۆپیشاندانەکانی دوێنێی شاری سلێمانی بە ناوی شێرزاد تەها ئەمرۆ پاشنیوەڕۆ گیانی لەدەستدا، شێرزاد تەها تەمەن 23 ساڵ بوو لە ڕێپێوانەکەی دوێنێدا بەگولەی هێزەکانی ئاسایشی هەرێم بریندار ببوو، دوێنێ شەویش یەکێکی تر لە بریندارەکان بەناوی سورکێو زاهیر مەحمود' تەمەن 17 ساڵە بەهۆی سەختی برینەکانی گیانی لەدەستدا.

باکوور، 390 تەرم لە گۆڕێکی بەکۆمەڵ

2011-02-24

گۆڕە بە کۆمەڵەکانی باکووری کوردستان، کە بە پێی یاسای ناونەتەوەیی، وەکوو 'تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی' دەبینرێن و بە گوێرەی پەیماننامەی ژێنێڤیش تاوانن، ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیان زیادتر دەبن. کۆمەڵەی پشتیوانی لە بنەماڵەی قوربانیانی شەڕ لە باکوور، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیاندا لە ناوچەی جۆلەمێرگ، 31 گۆڕی بەکۆمەڵیان نیشانە کرد، کە چاوەڕوان دەکرێ تەرمی 390 کەسیان تێدا شاردرابێتەوە شاخەی گەڤەری کۆمەڵەی پشتیوانی لە بنەماڵەی قوربانیانی شەڕ لە باکووری کوردستان ناسراو بە مەیادەر، ماوەیەکە لە جۆلەمێرگ و ناوچەکانی دەوروبەری، سەرگەرمی دەستنیشانکردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ساڵانی 1990 تا 2005ە لەو چوارچێوەیەدا ئاشکرا بوو کە لەو هەرێمە 31 گۆڕی بەکۆمەڵ هەن کە تەرمی 390 کەس لەخۆ دەگرن.

نوێنەری شاری گەڤەری مەیادەر عومەر چاکر لە لێدوانێکدا، گۆڕە بەکۆمەڵەکانی وەکوو 'ڕووی چەپەڵی شەڕێکی چەپەڵ' بەناو کرد و داوای لە کاربەدەستانی دەوڵەتی تورک کرد، لێکۆڵینەوەی فەرمی بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی تەرمی ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەستپێبکات و، تەرمەکان ڕادەستی بنەماڵەکانیان بکاتەوە. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵەی پشتیوانی لە بنەماڵەی قوربانیانی شەڕ لە باکووری کوردستان، زۆربەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە تەرمی گەریلاکانی پەکەکە لەخۆ دەگرن کە چەندین ژنە گەریلایان لەناو دان و، بەشێکی بەرچاویشیان مەدەنین. هاوکات ڕوون بۆوە کە ژمارەیەک لەو تەرمانە، سووتێنراون، یان ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و سووکایەتی پێکردن بوونەوە. هەروەها ئاشکرا بوو کە چەندین گەریلای بێچەک، بە شێوەیەکی هۆڤانە گوللەباران کراون. لە هەندێ ناوچە دەوری گۆڕەبەکۆمەڵەکان تەلبەند و مینرێژ کراوە بۆ ئەوەی دۆزینەوەیان ئاستەنگ بکرێ، بە گوێرەی ئەو زانیاریانە بانگەشەی ئەوە هەیە کە لە نزیک سەربازگەی پەریخانی سەر بە گەڤەر گۆڕێکی بە کۆمەڵی 8 پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەیە .

## ڕۆژهەڵات، سزا بۆ 7 گیراوی سیاسی

2011-02-23

حەوت کەسی خەڵکی شاری بۆکان لە لایەن لقی 28ی دادگای شۆڕشی شاری تاران بە تۆمەتی پڕووپاگەندەیی ئایینی ڕووبەڕووی سزای زیندان بوونەوە و ئەو سزایانە لە لایەن لقی 54 دادگای پێداچوونەوە پشتڕاست کرایەوە،بەو پێیە، محەمەد بەراعی بە 11 ساڵ، حسێن جەوادی بە 6 ساڵ، عەبدوڵڵا خەسرەوزادە بە 6 ساڵ، عوسمان ئەحسەنی بە 6 ساڵ، حێسام محەمەدی بە 2 ساڵ، مەهین مەحموود تەختی بە 2 ساڵ و سەدیق ئەحمەدی بە 2 ساڵ زیندان سزا دراون. لە لایەکیتر ڕاگەیەندرا کە سەرەڕای تێپەڕ بوونی 20 ڕۆژ بەسەر دەستبەسەر کردنی فەیزوڵڵا حسین پەناهی و محەمەد کوڕی، خەڵکی گوندی قروچیای سەر بە دێگۆلان تا ئیستا هیچ زانیاریەک لە چارەنووسیان نازانرێت.

## مەهاباد، زیندانییەک گیانی لەدەستدا

2011-02-23

بە گوێرەی زانیاریەکان، رۆژی یەکی ڕەشەمە گیراوێک لە گرتووخانەی ناوەندی شاری مەهاباد بە ناوی 'ئیسماعیل کەیوان پوور' خەڵکی شاری مەهاباد کە ساڵی ڕابردوو دەستبەسەر کرابوو و ڕووبەڕووی سزای 15 ساڵ زیندان ببووەوە ژیانی لە دەستداوە، ڕاگەیەندار کە ئەو گیراوە لە

بەندی مێتادۆنی گرتووخانەی مەهاباد گیانی لە دەستداوە.

## چارەنووسی گیراوێکی کورد دیار نیە

2011-02-22

لە دریژەی گوشاری سەر گەل لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ چارەنووسی خوێندکارێکی سەقزی کە لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کرابو، نادیارە، فواد حەدادیان خوێندکاری کوردی خەڵکی شاری سەقز کە چەند رۆژ لەمەو پێش لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعات دەستبەسەر کرابوو چارەنوسی نادیارە. دەوترێت کە ئەو خوێندکارە لە دووای بانگهێشت کردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعات دەستبەسەر کراوە و تا ئیتستا سەرەڕای بەدوواداچوونی  بنەماڵەکەی، هیچ زانیاریەک لە شوێنێ ڕاگرتن و دەستبەسەر کردنی نەزانراوە.

## گوشارەکانی رژیم بۆسەر گیراوانی کورد

2011-02-25

سەرەڕای تێپەربوونی دوو مانگ بەسەر دەستبەسەر کردنی چەندین کەس لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان، تا ئیستا هیچ هۆکارێک بۆ زیندانی کردنی ئەو کەسانە ڕانەگەیەندراوە، ماوەی زیاتر لە 2 مانگە چەند کەس لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان، کە هەندێکیان ئەندامی یەک بنەماڵەن لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات دەستبەسەر کراون. بەو پێیە عەلی، جەعفەر، شۆڕش، وەلی و حەبیب ئەفشاری، فەتاح ڕەسولزادە، هێمن و هادی حەسەنزادە، کەریم مام کەریمی و مەنسوور دەریانوش ماوەی 2 مانگە دەستبەسەر کراون و ڕاگوێزی گرتووخانەی ئورمیە کرابوون. بە پێی دوایین زانیاریەکان جەعفەر، شۆڕش، وەلی و حەبیب ئەفشاری، فەتاح و هادی حەسەنزادە و مەنسوور دەریانوش لەم دوایانەدا ڕاگوێزی گرتووخانەکانی مەهاباد و بۆکان کراون ، بەڵام تا ئێستا لە ڕەوشی عەلی ئەفشاری، هێمن حەسەنزادە و کەریم مام کەریمی هیچ زانیاریەک نازانرێت، کاربەدەستانی دەزگای داد تا ئیستا هیچ هۆکارێکیان بۆ دەستبەسەرکردنی ئەو کەسانە رانەگەیاندووە، بەڵام دەوترێت، ئەو کەسانە بە تۆمەتی هاوکاری پارتیە کوردیەکان دەستبەسەر کراون.

مەترسی لەسێدارەدانی گیراوێکی سیاسی کورد

2011-02-25

لە بارەی گیراوی سیاسیی کورد عەلی حوسێن ئۆندیل، کە لە گرتووخانەی ئورمیەدا ڕاگیراوە، ماوەی 13 ڕۆژە هیچ زانیاریەک نییە، لە بەرامبەر بێخەبەری لەو گیراوە سیاسییە و، سیاسەتی ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی ڕژیمی ئێراندا، بنەماڵەی عەلی حوسێن گومان و نیگەرانیی خۆیان ڕاگەیاند، سەرچاوە هەرێمیەکان ڕایانگەیاند کە گیراوی سیاسی عەلی حوسێن ئۆندیل، خەڵکی شاری وانی باکووری کوردستان، دوای دیدار لە گەڵ دایکیدا 13 ڕۆژ لەمەوبەر لە گرتووخانەی ئورمیە، بێسەروشوێنە و هیچ هەواڵێک لەم بارەیەوە لە دەست دانیە.لەو بارەیەوە کچە مامی ئەو گیراوە سیاسییە ئۆزلەم ئۆندیل، دەستنیشانی کرد کە دوای دیداری عەلی لە گەڵ دایکیدا ئەویان نەگەڕاندۆتەوە بەندەکەی خۆی و ئەوان لە بارەی ژیانی ئەودا نیگەرانن و بە گومانن لەوەی کە ڕۆڵەکەیان لە سێدارە درابێ. عەلی حوسێن ئۆندیل 3 ساڵ لەمەوبەر لە لایەن ڕژیمی ئێرانەوە دەستبەسەر کرا و بە 5 ساڵ زیندان سزا درا. لە بەرامبەر بێسەروشوێن بوونی عەلی حەسەن ئۆندیل، ئۆزلەم ئۆندیل بانگی هەستیاری لە ڕای گشتی و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ کرد.

باکوور، زیندان کردنی 55 منداڵ

2011-02-22

ئەو هەڵاواردنانەی لە بەرامبەر کوردان بەڕێوە دەچن ،هەڵوێستی ساختەی حکومەتی ئاکەپە ئاشکرا دەکات

لەم دووایییانەدا بە ناوی گۆڕانکاری لە یاسا ،گوایە ئاکەپە ڕەوشی منداڵانی دەستبەسەر کراو باشتر دەکات. بەڵام لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا 55 منداڵ دەستبەسەر کراون. لە چالاکیەکانی شەرمەزار کردنی پیلانگێڕی 15ی شوباتدا، ئەوەی کە زیاتر ڕووبەڕووی تێرۆی هێزەکانی پۆلیس بووەوە، منداڵان بوون. لە ماوەی هەفتەیەکدا 55 منداڵ دەستبەسەر کران.

ئامەد، خزمەتی تەندروستی بە زمانی دایکی

2011-02-25

**Kurdish Human Rights Association**

Kurdish Human Rights Association

Komeley Mafî Mirovî Kurd

---

لە ئامەد بۆ جاری یەکەم، ڕێکخستنە پیشەییەکانی تەندروستی، میتینگی "خزمەتی تەندروستی بە زمانی دایکی" بەڕێکخستن دەکەن، ئامادەکاریەکان بۆ میتینگەکە کە 27 ی فیڤریە ئەنجام دەدرێت، بەردەوامن کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتیک 'کەجەدە' ڕایگەیاند کە ئەوان پشتگیری میتینگەکە دەکەن و بانگی بەشداری لە خەڵک کرد

لە ڕۆژی 27 ی فیڤریەدا لەلایەن ڕێکخستنە پیشەییەکانی تەندروستییەوە میتینگی " خزمەتی تەندروستی بە زمانی دایکی" بەڕێوە دەبرێت، میتینگەکە لە مەیدانی "ئیستاسیۆن" بە پێشەنگایەتی ژووری پزیشکانی کوردستان و سەندیکای تەندروستی ئەنجام دەدرێت، لە میتینگەکەدا تیشک دەخرێتە سەر داخوازی خزمەتی تەندروستی بە زمانی دایک .کارمەندانی تەندروستی لە شارەکانی شرنەخ، باتمان، ڕوحا ، و زۆربەی ناوچەکانیتر، لە ئامەد کۆدەبنەوە، وتەبێژی کۆنگرەی کۆمەلگای دیموکراتیک "جەمال جۆش کون' بە لێدوانێکی نووسراو ڕایگەیاند کە ئەوا پشتگیری میتینگەکە دەکەن جۆشکون ڕایگەیاند کە هاوسەرۆکی کەجەدە 'ئەحمەد تورک' یش بەشداری ئەو میتینگە دەبێت و بانگی لە ئامەدیەکان کرد کە بەشدار ببن.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد - ئوروپا

**غەفور محەمەدی**